# گیگانتۆساوروس کارۆلینی
# Gigantosaurus Caroliny




## تایبەتمەندی :

گیگانتۆساوروس کارۆلینی بەواتای(خشۆکە دایناسۆری دێو پەیکەری) باشوورە. ڕۆبین کارۆلینی، پیشەسازێکی میکانیکی ئەرژەنتینایی بووە، کە لە کۆکردنەوەی فۆسیلی دایناسۆرانیش دا چالاک بووە. کارۆلینی بە هەڵکەوت، یەکەمین فۆسیلی گیگانتۆساوروسی دۆزیوەتەوە و هەر بەیادی ئەو و بە مەبەستی ڕێزلێنان لەو، ناوی (کارۆلینی) بووەتە دوا ناوی ئەو دایناسۆرە .


Robben Caroliny

لە ڕاستی دا ئەو دایناسۆرە گۆشتخۆرە دێو پەیکەرە، بالابەرزترینی دایناسۆری گۆشتخۆرە کە فۆسیلەکەی دۆزراوەتەوە و هەتا ئێستا ناسراوە. درێژایی جەستەی نزیک بە 14 مەتر، بەرزایی بالاکەی لە ئاستی ڕانەوە هەتا تەپڵی سەری، نزیک بە 4 مەتر و کێش و قورساییەکەی نزیک بە 8 تۆن(تەن) بووە.

ئەو دایناسۆرە لە سەر دوو پێیان ڕۆیشتووە و دەستەکانی زیاتر بۆ گرتن دەکار هێناوە.

کەللە سەری نزیک بە 2 مەترەی ئەو دایناسۆرە، مێشکێکی تێدا بووە کە لە دەنکە مۆزێک گەورەتر نەبووە.



## ورده بابەت دەربارەی گیگانتۆساوروس :

گیگانتۆساوروس گیاندارێک بووە کە لە سەر دوو قاچان ڕاوەستاوە و ڕۆیشتووە و ڕای کردووە. بەپێی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی شوێن پێی ئەو دایناسۆرە، دەرکەوتووە کە گیانداریکی چابوک و چالاک بووە لە ڕاکردن دا.




کلکی باریکی گیگانتۆساوروس لە دەمی شوێن هەڵگرتنی نەچیرەکانی دا دەوری سوکانێکی باش و بەماتمانەی هەبووە لە ڕاکردن و وەرچەرخانەوەی کوتوپڕی دا.




GIGANOTOSAURUS
گیگانتۆساوروس و شێوەی ڕاوکردنی



## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی گیگانتۆساوروس :

ساڵی 1994 ی زایینی(ڕۆبین کارۆلینی)، پیشەوەرێکی بەشی میکانیکی ئەرژەنتینی ، بۆ یەکەمجار فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرەی دۆزییەوە.دوای ئەو ساڵەش کەسێک بە ناوی ڕۆدۆلفۆ کوریا (Rodolfo Coria)، دیرینەناسی مۆزەخانەی کارمەن فۆنس لە



ڕۆدۆلفۆ کۆریا، دیرینەناسی ئەرژەنتینی و
نێولێنەری دایناسۆری چەشنی گیگاناتۆساوروس

شاری نیۆکۆئەن ـ ی ئەرژەنتینا، لە ناوچەی پاتاگۆنیا دا فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرەی دۆزییەوە. بەڵام بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوی یەکەم دۆزەرەوەکەی، ناوی (گیگانتۆساوروس کارۆلینی) لە ساڵی 1995 بۆ ئەو چەشنە دایناسۆرە هەڵبژێردرا.
شوینی ژیان و جیگای دۆزینەوەی گیگناتۆساوروس کارۆلینی ناوچەی پاتاگۆنیای ئەرژەنتینایە لە ئەمریکای باشوور دا بووە.
ساڵی 1994 فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ژێر خاک هێنرایە دەر، کە هەتا ئێستا 70% ئەندامە فوسیلەبووەکانی کەوتۆتە دەست زانایان و مۆنتاژ کراونەتەوە.
هەر لە نزیک ئاسەواری فۆسیلەکانی ئەو دایناسۆرە، فۆسیلی گیاندارێکی گیاخۆری مەزنیش دۆزراوەتەوە، کە ویدەچێت نەچیری گیگانتۆساوروس بووبێت.



## سەردەمی ژیان و گەشەی گیگانتۆساوروس :

گیگانتۆساوروسەکان (ترۆپۆد)ێک بوون لە دەورەی کرەتاسیوسی نێوەند دا پەیدا بوون و هەتا ئاخر و ئۆخری دەورانی مەزۆزۆییک ، بەردەوام لە ژیان دا ماونەتەوە.



## چەند نمونە لە فۆسیلی گیگانتۆساوروسەکان :


فۆسیلی ددانێکی گیگانتۆ ساوروس


بەشێک لە ئەندامی فۆسیلەبووی گیگانتۆساوروس









© Pamela Gore, 2001